Resolution adopted by the General Assembly
[on the report of the Third Committee(A/55/595 and Corr. 1 and 2)]

## بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆڕی گشتی

*(لەسەر ڕاپۆرتی سێهەمین کۆمیتە)*

## ۵۵/۶۶. کارکردن بەرەو لەناوبردنی تاوانکاری دژبە ژنان کە بەنێوی ناموسەوە دەکرێت

*کۆڕی گشتی،*

*بەپێداگرتنەوە* لەسەر ئەوەی کە هەموو دەوڵەتان بەڵێنیانداوە بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەسەرەتاییەکان، ئەو چەشنەی کە لە پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوسراوە. هەروەها بەجەختی دووبارە لەسەر بەڵێنییەکانیان بەو چەشنەی کە لە بەڵگەکانی لەسەر مافی مرۆڤدا هاتوون، بەتایبەت جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ(III) A ۲۱۷، ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی لەسەر مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، بڕوانە بڕیارنامەی(XXI)2200ی پاشکۆ، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بەمافەکانی مەدەنی، پەیماننامەی لەناوبردنی هەموو چەشنە هەڵاواردێک دژ بە ژنان، 180 /34، پاشکۆ، هەروەها پەیماننامەی مافەکانی منداڵان، بڕیارنامەی 44/25 ، پاشکۆ.

*بە وەبیرهێنانەوەی* جاڕنامەی لەناوبردنی توندوتیژی دژبە ژنان، بڕوانە بڕیارنامەی 104/ 48 هەروەها جاڕنامەی پەکینگ *ڕاپۆرتی چوارەمین کونفرانسی جیهانی لەسەر ژنان، پەکینگ ۱۵-۴ سێپتامبری ۱۹۹۵* ( بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی فرۆش 13 .E.96.IV)بەشی ۱، بڕیارنامەی ۱، پاشکۆی ۱، و پلاتفۆرم بۆ چالاکی، هەمان سەرچاوە، پاشکۆی II پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ژنان و بەوەبیر هێنانی بەڵگەی ئەنجامی بیستوسێهەمین کۆبوونەوەی تایبەتی کۆڕی گشتی لەژێر سەردێری «ژنیسالی ۲۰۰۰، یەکسانی جنسی، گەشەو ئاشتی بو سەدەی بیستو یەکەم»، بڕیارنامەی S-23/3، پاشکۆ.

هەروەها *بەوەبیرهێنانەوەی* ئەوەی کە ئەو تاوانەی بەنێوی ناموس لەدژی ژنان کراوە پرسێکە گرێدراو بە مافی مرۆڤەوە و دەوڵەتان ئەرکی ئەوەیان لەسەرشانە کە هەوڵی پێویست بەکاربهێنن بۆ پێشگرتن، لێکۆڵینەوەو تەمبێکردنی ئەوکەسانەی لەم چەشنە تاوانانە دەکەن و هەروەها بۆفەراهەمکردنی پارێزگاری لەقوربانیەکانو ئەوەی کە سەرنەکەوتن لەئەنجامدانی ئەم ئەرکە لەڕاستیدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە،

*بەئاگاداربوون* لەوەی کە تیگەیشتنی ناتەواو لە ڕەگوریشەی هۆیەکانی هەمو توندوتیژیەک لەدژی ژنان، لەوانەش ئەوتاوانانەی کەبە نێوی ناموسەوە دەکرێن و ئاگاداری ناتەواو لەسەر وەها توندوتیژیەک ڕێگادەگرێت لە سیاسەتی توێژینەوەی ئاگادارانە هەم لە ڕادەی نێوخۆ و هەم لە ڕادەی نێونەتەوەییدا و هەروەها لەو هەوڵو تێکۆشانەی کە بۆ لەناوبردنی وەها توندوتیژیەک دەکرێت.

*بەڕەچاوکردنی* ڕاسپێرنامەی ۱۹ سەبارەت بە توندوتیژی دژبە ژنان، پەسەندکراوی کۆمیتەی لەناوبردنی هەڵاواردن دژبە ژنان، بڕوانە تۆمارکراوە ڕەسمیەکانی کۆڕی گشتی، کۆبوونەوەی چلوحەوتەم، پاشکۆی ژمارە 38 (A/47/38)، بەشیI.

*هەروەها بەسەرنجدانی* ئەوبەشانە لە ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانەی گوزارشکەری تایبەتی کۆمیسیۆنی مافیمروڤ کە گرێدراون بە توندوتیژی لەدژی ژنان، هۆیەکانی و دەرئەنجامەکانی، E/CN.4/2000/68 و Add .1-5، گوزارشکەری تایبەتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لەسەر ئێعدامکردنی بەپەلە، سەرەڕۆیانەو لەدەرەوەی یاسا، بڕوانە 288/ A/55، هەروەها گوزارشکەری تایبەتی مافی مرۆڤ لەسەر سەربەخۆیی دادوەران و پارێزەران،E/CN.4/2000/61و Corr.1، هەروەها گوزارشکەری تایبەتی ژێرکۆمیسیۆنی بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافی مرۆڤ لەو هەڵسووکەوتە نەریتیانەدا کە کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی ژنان و منداڵانی کچ.E/CN.4/sub.2/1999/14و 2/2000/17. E/CN.4 /sub.

*بەوەبیرهێنانەوەی* ئەوەی کە ئەو بەشانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بڕیارنامەی ۲۰۰۰/۳۱ و ۲۰۰۰/۴۵ی ۲۰ی مانگی چواری ۲۰۰۰، بڕوانە تۆمارکراوە ڕەسمیەکانی

ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی،٢٠٠٠، پاشکۆی ژمارە ٣ و ڕاستکراوەی(E/2000/23و Corr.1) سەربەشیII، بەشی A و هەروەها لە پڕیارنامەی ١٠/٢٠٠٠ی 2000/8/17 دا کە هی ژێرکۆمیسیۆنی بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافی مرۆڤ، پروانەL.11/dAd.1/ E/CN.4/sub.2/2002 ، سەربەشیII، بەشی A .

*بەپێداگرتن* لە سەر ئەوەی کە لەناوبردنی ئەوتاوانانەی کە بەنێوی نامووس لەدژی ژنان دەکرێن، پێویستیان بە تێکۆشانی زیاترە و ئەرکیزیاتر دەخاتەسەرشانی دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، بۆنموونە لەڕیگای تێکۆشانی هاوئاهەنگی نێونەتەوەیی، کۆمەڵگای مەدەنیو لەوانە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو نامیریەکانەوە(ئێن.جی.ئۆ). هەروەها پێویستە ئاڵووگۆری بنەڕەتی بکرێت لە ئاکاری کۆمەڵایەتیداو پێدادەگرین لەسەر گرینگبوونی بەهێزکردنی ژنان وەکوو کەرەستەیەک بۆ ئەم ئەرکە،

١ـ (کۆڕی گشتی) *نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت* لەو ڕاستیەی کە ژنان بەردەوام و بەچەشنی جۆراوجۆر قوربانی توندوتیژین و لەوانە ئەو ژنانەی کە لە ئاکامی بەڵگەنامەی بیستوسێهەمین دانیشتنی تایبەتی کۆڕی گشتی، لەژێر سەردێری «ژنانی ٢٠٠٠: یەکسانی ژنوپیاو، گەشەکردن و ئاشتی بۆ سەدەی بیستویەکەم»دا دەستنیشاندەکراون. هەروەها لەوەی کە بەردەوام توندوتیژی لەم چەشنە لەهەموو ناوچەکانی دونیادا ڕوودەدات و لەوانە تاوانکاری لەدژی ژنان کەبە نێوی نامووسەوە دەکرێتو شێوازی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت. هەروەها نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لەو ڕاستیەی کە هێندێک لە تاوانکاران وایدادەنێن کە پاساویان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە.

٢ـ (کۆڕی گشتی) *بەرەوپیری* ئەو هەڵسووڕانەی دەوڵەتان دەچێت کە بەئامانجی لەناوبردنی تاوان لەدژی ژنان بەنێوی نامووسەوە دەکرێت و لەوانە پەسەندکردنی چاکسازی لەو یاسایانەدا کەلە وڵات هەیە سەبارەت بەم چەشنە تاوانانە. هەروەها جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم یاسایانە و شاڵاوی سەرانسەری لەم بوارەدا بەخێردێنێت. هەموو ئەم چالاکیانە هەرئێستاش لە هێندێک وڵاتدا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕوودانی ئەم چەشنە تاوانانە.

٣ـ (کۆڕی گشتی) هەروەها ئەو هەوڵانە *بەخێردێنێت* کە بەمەبەستی بەرەورووبوونەوەی پرسی تاوانکاری لەدژی ژنان کە بەناوی نامووسەوە دەکرێت، بەڕێوەدەچێت و هەروەها هانیان دەدات بۆئەوەی ئەم چالاکیانە هاوئاهەنگ بکرێن: بۆوێنە پرۆژەی دیاریکراو لەلایەن بەشەجۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پرۆگرام و ڕێکخراوەکانیەوە، لەوانە دامەزراوی دارایی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نفووس، دامەزراوی دارایی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و دامەزراویگەشەیدارایی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، جگەلەوەش ئەوکارانە بەخێردێنێت کە لەلایەن کۆمەلگای مەدەنیەوەو لەوانە ڕێکخراوە نامیریەکان بۆنموونە ڕێکخراوەکانی ژنان، تاکەکەس و هەروەها خەڵکانی ئاسایی بزووتنەوەکان دەکرێن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری لەسەر ئەم چەشنە تاوانانە و کاریگەرییە زیانبارەکانیان.

٤ـ (کۆڕی گشتی) *بانگەوازی* هەموو دەوڵەتان دەکات:

ئا) بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنیەگونجاوەکان لەژێر یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی ئەرکەنێونەتەوەییە تایبەتەکان و بۆنموونە ئەوانەی کە لە بەڵگەنامەی ئەنجامی بیستوسێهەمین دانیشتنی تایبەتی کۆڕی گشتیدا هاتوون؛

ب) بۆ پتەوکردنی تێکۆشان بەمەبەستی پێشگرتنو لەناوبردنی تاوان لەدژی ژنان کە بەنێوی نامووسەوە دەکرێتو شێوازی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت، کە ئەمەش بە چەندەها شێوەی جیاواز دەکرێت بەکەڵکوەرگرتن لە یاسادانان، فێرکردنوپەروەردە، هەڵگرتنی هەنگاوی کۆمەڵایەتی و هیدیکە، بڵاوکردنەوەی ئاگاداریو بۆنموونەش تێوەگلاندنی ڕێبەرانی بیروڕای گشتی، مامۆستایان، ڕێبەرانی ئایینی، سەرۆکان، ڕابەرانی نەریتیو هەروەها دەزگاکانی ڕاکەیاندن لە شاڵاوی بەرزکردنەویوشیاریدا؛

پ)بۆ هاندان، پشتیوانیکردن و جێبەجێکردنی هەنگاوەکان و ئەوپرۆگرامانەی ئامانجیان زیادکردنی زانیاری و تێگەیشتنی هۆیەکان و دەرئەنجامەکانی ئەو تاوانانەن کە بەنێوی نامووسەوە لەدژی ژنان دەکرێت؛ ئەمەش لەناو بەرپرسانی بەڕێوەچوونی یاسا

داڕێژەرانی سیاسەتەکاندا، بۆ وێنە کارمەندانی پۆلیس، کارمەندانی دادوەری‌و کارمەندانی تەندروستی؛
ت) بۆ دامەزراندن، بەهێزکردن و یان بۆ ئاسانکاری، لەو شوێنەی بگونجێت بۆ خزمەتگوزاری و وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی قوربانیانی ئێستاو ئەوانەش وا لەوانەیە ببنە قوربانی؛ ئەمەش بۆنموونە لەڕێگای ئامادەکردنی پارێزگاری شیاو بۆ ئەوان، خانووی ئارام، ڕاوێژکاری، یارمەتی یاسایی، یاریدەدان‌بۆ گەڕانەوە سەر بارودۆخی ئاسایی‌و بۆ دووبارەتێکەڵبوونەوە لەکۆمەڵگادا؛
ج) بۆ داهێنان، بەهێزکردن یان بۆ ئاسانکردنەوەی شێوەهەڵسووڕانی دامەزراوەیی بە چەشنێک کە تاوانلێکراوان‌و ئەوانی دیکەش بتوانن لە کەش‌و هەوایەکی نهێنی‌راگرو هێمندا ڕاپۆرت‌بدەن لەسەر ئەم چەشنە تاوانانە و هانی دەوڵەت بدرێت بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری ئاماری سەبارەت بە ڕوودانی ئەم تاوانانە؛
٥) کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و لەوانە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆگرام و ڕێکخراوەکانی‌و هەروەها لەڕێگای هاوکاری‌و ئامۆژگاری تەکنیکی و پرۆگرامە خزمەتگوزاریەکانیەوە، ناوەندی نێونەتەوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشگیری لە تاوانکاری، نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ و دامەزراوی‌گەشەی‌دارایی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان بانگهێشتندەکات بۆئەوەی لەسەر داوای خۆیان، پشتگیری‌بکەن لە تێکۆشانی هەموو وڵاتان بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناییەکانی دامەزراوەکان بۆ پێشگیریکردن لە تاوانکاری لەدژی ژنان کە بە نێوی نامووسەوە دەکرێت‌و بۆ ئەوەی بپەرژێنە سەر ڕەگ‌و ڕیشەی هۆکارەکانی.
٦) دەزگاکانی پەیوەندیدار بە پەیمانی مافی مرۆڤ هاندەدات بۆئەوەی لەهەر شوێنێک گونجاوبێت، خۆ لەم باسە بدەن؛
٧) داوا لە سکرتێری گشتی دەکات کە لە پەنجاوحەوتەمین دانیشتنی کۆڕی گشتیدا ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم بڕیارنامەیەو لەوانە ئەو دەستپێشخەریانەی لە لایەن دەوڵەتانەوە کراوە بۆ چالاک‌بوون بەرەو لەناوبردنی ئەو تاوانکاریانەی کە لێرەدا باسکراوە.

*هەشتاویەکەمین کۆبوونەوەی فراوان*
٨ی دیسامبری ٢٠٠٠